# تەثویری قورئان(*)

www.dangiislam.org

بێگوما ن ڕەنگە خوێنە ری بە ڕێز پە ﻛ مجا ر تۆزێك سە رسا می بیگری لە ناونیشانی بابە تە كە، بەڵكو لە سەرو ئەوەشەوە دەڵێین لەوانەیە زیاتر بە ناواخن و ناوەڕۆكەكەی سەرسام ببێت كاتێ دەیخوێنێتەوە، ئەو ماناو بیرۆكانەی كە لە خۆی گرتووە، پەیوەستن بە چۆنیەتی هەڵس و كەوت و مامەڵە كردن لە گەڵ پەڕاوی خوادا (سبحانەوتعالی).

وە لە ڕاستیدا قسە كرد ن لە سە ر تەثویری قورئان، قسە یەكی گاڵتە و گە پ نیە، بەڵكو جیاكەرەوەیە، بەڵكو ئەسڵ و بنەمایە... جا ئەگەر كارەكە بەو شێوەیە بێت، ئەوە ئێمە لە دوتوێی ئەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین كە سەرنجی ئەوانە ڕابكێشین كە ئەم كارەیان بە لاوە گرنگەو جێی مەبەستیانە، بۆ خوێندنەوەو ورد بوونەوە لەم چەند دێڕە.

دەست پێ دەكەین و دەڵێین: ماددەی (ثا ر یثور ثورة ) لە ڕووی زمانەوانیەوە، هەڵچوون و تورەبوونی توندو بە هێز ئەگەیەنێ؛ دەڵێی: دوكەڵەكە یان تەپوتۆزەكە هەڵیكرت و پەرەی سەند و وە هەروەها، وە كە دەوترێ (یثور ثورا و ثورانا ) واتە: دەركەوت و هاتە بەر ڕوو... وە لە قورئانیشدا فەرموودەی پەروەردگا ر دەفەرموێت: {وأثاروا الأرض ...} (الروم: 9) واتە: ئەمدیواو دیویان كردو كێڵایان بۆ گشتوكاڵ و چاندن؛ وە لە فەرموودەدا هەر وەك لە هەردوو سەحیح دا هاتووە: (جاءه رجل من أهل نجد ثائر الرأس يسأله الإيمان) واتە: پیاوێكی سەر قژن و ئاڵۆزكاو لە خەڵكی نەجد هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پرسیاری لێ كرد لە ئیمان) وە هەر شتێكیش دەرت هێناو و ڕۆشنت كردەوە ئەو تەثویرت كردووە، وە (ثورت الأ لأمر ) واتە: بە دوایدا گەڕام؛ لێرەوە كە بە یەكێك دەوترێت (ثو ور القرآن) واتە: بە دوای ماناو زانست و مەبەستەكانی قورئاندا گەڕاوە...

وە لە ئە سەردا لە عبداللە كوڕی مە سعوودەوە خوا لـ ێی ڕازي بێ هاتووە، دەڵێ: ( من أراد خ یر الأول ین والآخر ین فليثو ور القرآن، فإن ف يه خ یر الأول ین والآخر ین ) {هەر كەس خێرو چاكەو سەرەتاو كۆتاییینی دەوێ با تەثویری قورئان بكات (بە دوایدا بگەڕێ و لێی بكۆڵێتەوە) چونكە بە ڕاستی خێرو چاكەو سەرەتاو كۆتاییینی تێدایە }. وفي لفظ: ( علم الأولين والآخرين) الطبراني لە "المعجم الكبير" دا ڕیوایەتی كردووە، وە لە وتەیەكی دیكەدا بە: (من أراد العلم فليثو ور القرآن ) هاتووە.

هەندێ لە زانایان دەڵ ێن: تەثویری قورئان مانای خوێندنەوەو هەڵدانەوەو پشكنی نی ماناو تەفسیرەكەیەتی لە گەڵ زانایاندا.

جا ئەگەر ئێستە بنەماو مانای زمانەوا نی وشە كە ڕوون بۆوە، ئەوەش لە ئە سەردا هاتووە لەوەی كە ئێ مە مەبە ستمانە لە پ ێش ڕوونكردنەوەی ماناكەیدا ین، دەگوێزینەوە بۆ هەنگاوێ كی ترو دەڵێین: ئەو شۆڕشەی كە ئێمەی مو سڵمان- ئەمڕۆ پێویستمانە و زۆریشمان پێویستە، بریتیە لە شۆڕشی خوێندنەوەو وەرگرتنی زانست و تێگەیشتن، وە لە پاشانیشدا كار كردن و جێ بە جێكردن؛ بە ڕاستی ئەمە شۆڕشی "تثوير القرآن"و هاتنە ناوەوەی قورئا نی پیرۆزە دوای ئەوەی كە وای لێ هاتووە هە جر كراوەو لـ ێی دوور كەوتوینەوە بە چە ند شێوەو شێوازی دوور كەوتنەوە: {وقال الر سول یا رب إن قو مي اتخذوا هذا القرآن مهجورا } (الفرقان: 30) . } وە پێغەمبەر ( صلى الله

عليه وسلم) وتی: ئەی پەروەردگارم بە ڕاستی گەلەکەی من لە قورئان دوور کەوتنەوەو وازیان لێ هێنا }.

-بە ڕاستی خۆمان لە قورئان دوور خستەوە بە دوور کەوتنەوەمان لە خوێندنەوەکەی؛ کە ئەمە ساکارترین جۆری هەجرو خۆ دوور خستنەوەیە لە قورئان.
-پاشان دووەم جار قورئانمان واز لێ هێناو پشتگوێمان خست بە پشتگوێخستنمان لە بیرکردنەوە لە ماناو مەبەست و داواکاریەکانی، خەریك بوون بە پیت و وتەکان سەرقاڵیان کردوین لەوەی کە خەریك بین بە ماناو مەبەستەکانیەوە.
-پاشان سێیەمیش قورئانمان پشتگوێ خست و وازمان لێ هێنا، بە خۆ خەریك کردن و گرنگی دان تەنها بەو ئایەتانەی باس لە ئەحکام و فەرمانەکان دەکەن و بەس، ئیتر وازمان هێنا —وە یان پشتمان هەڵکرد- لە خۆ خەریك کردن و ورد بوونەوە لەو ئایەتانەی باس لە دەروون و ئاسۆو دەسەڵاتی پەروەردگار دەکەن.
-پاشان چوارەم وازمان لێ هێنا بۆ بە کار هێنانی بۆ چەند مەبەست و مانایەکی وەپێش هاتوو، وە دابەزاندن و هێنانی مانا ئەسڵی و تێرو تەواوو گشگیرەکانی بۆ چەند مەسەلەو دۆزی کاتی و ئێستایی.

وە جۆرەکانی واز هێنان و پشتگوێخستن لەوەدا کورت هەڵدێتەوە لە کارکردن لە هەندێکی و پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی ئەوی تری؛ وە ئێمە ئەمە بەرامبەر بە هەندێ لە موسڵمانە بێ ئاگاکان نالێین کە خوای گەورە بەرامبەر بە حەقی جوولەکە ستەمکارەکان فەرموویەتی: {أفتؤمنون ببـ عض الكتاب وتكفرون ببـ عض} چونکە گومانی باش بردن بە موسڵمانان ئەرك و واجبێکی شەرعیە بە سەرمانەوە، بەڵام هەر لە ڕووی بیرهێنانەوەو وریا کردنەوە و ئامۆژگاریە.

بە ڕاستی کاتی ئەوە هاتووە کە موسڵمانی هاوچەرخ —ئەوەتە کە زانست و زانیاری گەیشتۆتە ئەو ڕاددە بەرزەو هەموو ئامێرەکانی لێکۆڵینەوەو دیراسەکردنی فەراهەم هێناوە- کە ئیتر شۆڕشێکی قورئانی بە سەر خۆیدا بکات، تاکو هەموو ماناو مەبەستەکانی فێر بێت و لێی دەربێنێت، لە مەبەستە پاك و بەرزەکانی قورئان بێ ئاگا نەبێ و شارەزایی هەبێ بە سەریاندا، تاکو ڕێڕەوی ژیانی خۆی لە سەر ڕێك بخات، وە لە دوتۆیی قورئانەوە مەبەستەکانی دیاری بکات؛ ئەمە لە سەر ئاستی تاك، خۆ لە سەر ئاستی نەتەوە ئەو ئەم کارە خوازیارترو پێویستیەکەی دووپات واجبترە.

پاشان بە ڕاستی موسڵمانەکانی ئەمڕۆ، بە ئەندازەی ئەوەی کە پێویستیان بە هەڵگیرسانی نوری قورئان هەیە لە دەروون و هەڵس و کەوتیاندا، تاکو ئایاتە نوسراوەکانی خوای گەورە تێ بگەن و مەبەستەکان بپێکن، هەروەها پێویستیشیان —کە کەمتر نیە لە پێویستی یەکەم- بە هەڵگیرسانی بەرچاوڕۆشنی و بەسیرەتیان هەیە لە بینینی ئایات و نیشانەکانی پەروەردگار، تاکو ئایەتە بەربڵاوو فراوانەکانی خوا لەم بونەوەرەدا ببینن، تاکو بگەڕێ بە ڕاستگەرو دووپاتکەر بۆ ئایاتە نوسراوەکان، وە ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی کە خوێنراوەتەوە؛ تاکو فەرموودەی خوایان لە سەر بە جێ بێت کە دەفەرموێت: { سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق أولم يكف بربك أنه على كل شيء شهيد} (فصلت:53) . { بە زوویی نیشانەکانی خۆمان لە ئاسۆی دنیا (وەکو: ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەو شانی دیکەش) بەوانە نیشان ئەدەین تا بۆیان دەرکەوێ کە بە ڕاستی ئەو زاتە هەقە، ئایا ئەوە بەس نیە کە بەڕاستی پەروەردگارت بە سەر هەموو شتێکدا شایەدو حازرە؟}.

داواكار ین لە پەروەردگار  كە بمانگێڕ ێت لەوانەی  كە: { ألزمـ هم كلـ مة التقوى وكانوا أ حق بـ ها وأهلـ ها وكان اللـه بـ كل شـ يء عليـ ما } (الف تح: 26) . { خوا ئەوانەی (ئیمانداران) لە  سەر بڕواو خۆپارێزی ڕاگرت  كە ئەوا نە  بۆ ئە مە شیاو تر بوون و ئەهلی ئەوە بوون، وە خوا  بە  سەر هەموو شتێكدا ئاگایە}.

---

(*) بە باشمان زانی ناونیشانی بابەتە وەك خۆی بێڵینەوەو تاكو خوێنەری بەڕێزی لە دووتۆێی بابەتەكەدا بۆ خۆی بە ڕوونی لە ماناكەی تێ بگات.